چاپکراوەکانی
وەزارەتی مافی مرۆڤ
ژمارە (17)

وەزارەتی مافی مرۆڤ
حکومەتی هەرێمی کوردستان

# پەیامی مافەکانی مرۆڤ

## پانۆرامای کاروچالاکییەکانی

## وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## (کابینەی پێنجەم)

کوردستان – هەولێر
٢٠٠٨

**پەیامی مافەکانی مرۆڤ**

**پانۆرامای کاروچالاکییەکانی**
**وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**(کابینەی پێنجەم)**


- کتێب: پەیامی مافەکانی مرۆڤ
- ئامادەکردن و سەرپەرشتی: عەلی کەریم
- نەخشەسازی ناوەوەو بەرگ: نووسینگەی کۆمپیوتەری دارا
- تایپ: نەهاوەند فەرهاد- ئارام ئەمین- یەعقوب قادر
- هەڵەبڕی: کۆمپانیای میدیای لاین بۆ کاری هونەری
- فۆتۆ و ئەرشیف: شێرزاد هیرانی
- سەرپەرشتی چاپ: عوسمان سەعید
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

  ژمارەی سپاردنی (1932)ی ساڵی (2008)ی پێدراوە
- چاپ: چاپخانەی نازە
- چاپکراوەکانی وەزارەت ژمارە (17)

# پێرست


- پێشەکی (پەیامان بەردەوامە) ........................................... 1
- سەردان و کۆبوونەوەکانی وەزارەت ..................................... 7
- نمونەی هەندێ پرۆژە تایبەتەکانی وەزارەت ...................... 33
- بڵاوکراوەکانی وەزارەت (کتێب و نامیلکە) ........................ 41
- بیبلۆگرافیای گۆڤاری مرۆڤ ............................................... 55
- فیلمی دیکۆمێنتی ............................................................ 79
- کەیسە تایبەتەکانی هاوڵاتیان ............................................. 83
- بەیاننامەکانی وەزارەت ..................................................... 85
- وتارەکانی وەزارەت لە کۆنفرانسەکاندا ................................. 99
- راپۆرتەکانی وەزارەت ..................................................... 105
- پوختەی چالاکی نووسینگەکانی وەزارەت ............................ 111
- پۆستەرەکان ................................................................. 123
- وەزارەت لە میدیاکاندا .................................................... 131

بەندی ١ :

هەموو مرۆڤەکان بەئازادی لە دایک دەبن و یەکسانیشن لە نرخ و پایە و مافدا، عەقڵ و ویژدانیان پێ بەخشراوە و دەبێ بە گیانێکی برایانە رەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتردا بکەن.

"جاری گەردوونی مافەکانی مرۆڤ"

# (پەیاممان بەردەوامە)

د.شوان محەمەد عزیز

کارکردن بۆ بەرژەوەندی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ وەک چۆن بەهایەکی مرۆیی بالآیە و لەسەرەتایەکی ئەخلاقیەوە سەرچاوە دەگرێ کە هاوکاری و برایەتی و پێکەوە ژیانی نێوان مرۆڤەکانە لە پێناو نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوە، بە هەمان شێوە مەبەست و ئامانجێکی بالآ وستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی خەلکی کوردستان بووە لە قولآیی مێژووەوە تاکو ئێستا.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە بەرهەمی هەوڵ و خوێن و خەباتی تێکرای رۆلەکانی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی بووە، تەواوکەری ئەو ستراتیژیەتەیە و بەردەوام هەوڵی داوە لەگەڵ هەموو کەموکورتی و کۆسپەکانیش، ئەزموونی حوکمرانی لە کوردستان ئەزموونی دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی بێت. یەکێک لە هەولە گرنگ و مێژووییەکانیش دامەزراندنی وەزارەتی مافی مرۆڤە.

لە راستیدا وەزارەتی مافی مرۆڤ هەرچەندە بەشێکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەلآم وەک پابەندبوون بەبنەماکانی مافی مرۆڤ و راستگۆبوون لەگەڵ پەیامەکەیدا لە زۆر کاروچالآکیدا هەم وەک لایەنێکی غەیرە حکومی کاری کردووە و هەم هەولی داوە هەموو تواناکانی حکومەت بۆ خزمەت پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بخاتە گەر جا چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە رێگای هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستان، چ لە رێی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی کوردستان.

لەماوەی کارکردنماندا وەک وەزارەتی مافی مرۆڤ/کابینەی پێنجەم بەهەموو توانایەکمان و بەچەندها شێوازم و میکانیزم هەولماندا کە پێشێلکارییەکان کەمبکەینەوە و رووی جوانی خەلکی کوردستان بپارێزین.

لەسەردەمی کاری ئێمەدا دەرگامان کردەوە بەڕووی هەموو کەس و لایەنێک تا هاوکارمان بن لە پاراستن و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ.

سنگمان فراوان بوو بۆ ڕەخنەی هەر لایەک، و بەبایەخەوە گوێمان لە ڕێکخراوە جیهانی و ناوخۆییەکان و وەزارەتەکان و پسپۆڕان گرت.

بەتەواوەزع و شەفافیەتەوە هەموو زانیاریە پێویستەکانمان خستە بەردەست هاولاتیان و ڕۆژنامەنووسان.

بووینە پالپشت و هاوکاری زۆر پرۆژەی گرنگی پڕ سوود بۆ مافەکانی مرۆڤ.

لەسەردەمی کاری ستافی نوێی وەزارەتدا پیشمەرگانە و بێچاوەڕوانی سوپاسی هیچ لایەک بەڵکو وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و دەزگایی هەوڵماندا ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بکەینە پرسێکی میحوەری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. بۆیە مافی مرۆڤ چووە نا پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. سەدان سیمینار و ورک شۆپ و خول و کۆنفرانسی لەسەر بەسترا، چەندان بلاوکراوە و کتێب و توێژینەوەی لەسەر کرا، چەندین فیستیڤاڵ و خەلاتی هاندان بۆ خزمەتکردنی ئەو بوارە ئەنجامدران. ئەم پرۆژەیە بەردەوامەو ڕۆژ بەڕۆژیش فراوانتردەبێت.

ئەوەش لەبیرناکەم کە هەموو دەستکەوت و داهێنانەکانی وەزارەت لەو ماوەیەدا بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی هەموو ستافی وەزارەت و هەموو ئەو هاوکار و ڕاوێژکارانەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پشتیوانیمان بوون لە گەیاندنی ئەم پەیامەدا.

هیوادارین ئەرکی سەرشانی خۆمان بە شێوەیەکی شایستە بە جێگەیاندبێت، و ئەم ڕەوتە بەردەوامە و پەیامی ئێمەش کە پەیامی پاراستن و گەشەپێدانی مافی مرۆڤە بەردەوامە.